# چەند نامەیەکی جەمال ڕەشید حەوێزی(١) بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی

ئا: سەرنووسەر

*** نامەی یەکەم**

ئەلفاتیحا

بۆ گەورەی خۆم مامە تاهیر پێشکەش بێت..

تکایە بە هاوبەشی خەمتانم دابنێن، بە بۆنەی مردنی خوا لێخۆشبووی خاڵە سدیق(٢)، داواکارم لە یەزدان کە جێگای ناوبراو بەهەشت بێ و چیتر کارەساتی وا ناخۆش نەبینینەوە، داوای لێبوردنت لێ ئەکەم کە نەهاتم، چونکە خۆشم نەخۆش بووم، چووبووم بۆ سەر دوکتۆر لە سلێمانی و دوێنێ گەڕامەوە ڕانیە.

بچووکت

جەمال ڕەشید حەوێزی

١٩٦٨/٢/١٦

هێشتۆتەوە کە من بە تەواوی نەمئەزانی، ئنجا تکام وایە کە بۆ زانینی تۆ لە کاکە سووری عەبداغای(٦) خۆمان، (وە) مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەد(٧) بپرسی لەم بارەیەوە، چونکە ئەوان وەڵاش بوون لەکاتی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بەیەکەوە بووین، ئەوجا دوای تەواوکردنی ساڵەکان بۆم بدەی بە مامۆستا مەجید ئەحمەد(٨)، لەگەڵ سوپاسنامەیەکی زۆری منەوە بۆ ئەو، بەڵام بۆشم ڕوون بکاتەوە کە بۆچی داوایان لێ کردووە..

ئیتر خۆشیتان

ئیمزا

جەمال

بچووکت

*** نامەی دووەم**

ڕانیە، قوتابخانەی بیتوێن، جەمال ڕەشید ئەحمەد حەوێزی، ١٩٧١/٤/٢٧

بۆ بەڕێز و گەورەی خۆم مامە تاهیر گیان پێشکەش بێت

لەپێش هەموو شتێکا خۆم و سەباحەت(٣) دەستی تۆ و مامۆژنم ماچ ئەکەین و چاوی منداڵان ماچ ئەکەین و هەواڵتان ئەپرسین، هیوادارین بەختەوەر بن لە ژیانتان و ئێمەش باشین، (وە) ئێستاش فرۆمان(٤) پەیدا نەبووە.

مامە گیان، نامەی چەند ڕۆژێک لەمەوپێشت گەیشت کە بە خوێندنەوەی گەلێک دڵخۆش بوو(م)، لەگەڵ ئەوەشا کە برینی دڵی کولاندمەوە.

مامەگیان، ئەوا بە گوێرەی ڕادەی زانینی خۆم شتێکم لەسەر ژیانی شەهیدی جوانەمەرگ(٥) بۆ نووسی، حەز ئەکەم کە خۆشت بیخوێنیتەوە، (وە) لە سەرەتای ژیانییەوە چەند ساڵێکم جێگاکەی بە بۆشی(م×)

*** نامەی سێیەم**

بۆ گەورە و بەڕێزی خۆم مامە تاهیر پێشکەش بێت

پڕ بەدڵ دەستەکانت ماچ ئەکەم، (وە) هەواڵی خۆش و بەختیاریتان ئەپرسم، ئومێدەوارم سەرکەوتوو بن لە ژیان و ئێمەش باشین.

١- مامە گیان وەڵامی نامەی یەکەمتم ناردەوە کە بۆم ڕوون کردبوویەوە، هۆی دواکەوتنی وەڵام، نەبوونی من بوو لە ڕانیە، چوونم بۆ سلێمانی ماوەی ١٠ ڕۆژ، دەنا تا ئێستا هەمووم ساغ دەکردەوە.

٢- دوێنێ نامەیەکی تری تۆم پێ گەیشت کە جێگای سەرسوڕمان بوو بەلانی منەوە، چونکە هیچ هۆیەکت تێدا ئاشکرا نەکردبوو لە بابەت نەفرۆشتنی شەوچەرە.(٩)

٣- ئەوەی من پێم فرۆشتووە ناوەکەشیم لەلای خۆم نووسیوە، هێندێک بەحازر، (وە) هێندێک بە قەرز تا سەری مانگ کە جێگای بڕوان لەلای منەوە.

٤- من هیچم بۆ قەڵادزە نەناردووە، بەڵام ٦ دانەم نارد

بۆ چوارقـورنە، (وە) ١٠دانەشم نارد بۆ سـەنگەسـەر، (وە) چاوەنواڕی پارەکەشیـان ئەکەم، (وە) خـۆشم ٥٤ دانەم فرۆشتووە کە هەمووی ئەکاتە ٧٠ دانە، (وە) ٣٠ دانەشی ئێسـتـا لە مـاڵەوە لای خـۆمـە، ئنجا تکایە بە زووترین کات بە نامەیەکی ئاشکرا لەم باسەوە بە درێژی هۆیەکەو ئەنجامەکەیم بۆ بنووسە، ئەگینا من هەر بەردەوام ئەبم لە فرۆشتنی، بەڵام من وا جارێ نایانفرۆشم، (وە) چاوەنواڕی وەڵامی نامەی تۆم.

ئیدی سەباحەت و ڕەهێڵە(١٠) دەستت ماچ ئەکەن، خۆم و سەباحەت و ڕەهێڵە دەستی مامۆژنم ماچ ئەکەین، من و سەباحەت چاوی کاکە دلاوەر و کاکە سالار(١١) و گشتی منداڵان ماچ ئەکەین، ڕەهێڵە دەستی هەموویان ماچ ئەکات. جەمیلەی خوشکم و منداڵەکانی دەستتان مـاچ ئەکـەن و هەواڵـتـان ئەپرسن، مـاڵی خـەزوورم، هەروەها بە تایبـەتی خـەزوورم(١٢) زۆر زۆر هەواڵت ئەپرسێ. بەخواتان ئەسپێرم، تکایە زوو وەڵامی نامەشم بدەرەوە، کاک جەبار(١٣) هەواڵتان ئەپرسێ.

بچووکتان

جەمال ڕەشید حەویزی

ئیمزا

١٩٧١/٧/١٤

ڕانیە

*** نامەی چوارەم**

١٩٧١/٨/٣

ڕانیە، جەمال ڕەشید حەویزی

گەورە و بەڕێزم مامە تاهیر گیان پێشکەش بێت

پڕ بەدڵ دەستـە بەنرخەکـانت ماچ ئەکەم، ئومێدەوارم بەختـەوەر بن، سەرکـەوتن و تەمەن درێژیتـان لە خـودای گەورە داوا ئەکەم.

مامە گیان، پێش چوار ڕۆژ، واتە لە ١٩٧١/٧/٣٠، نامـەیەکی تۆیان دا دەسـتم کـە لە دوکـانی برادەرێک داندرابوو کـــــە لە بەرواری (١٤) ١٩٧١/٧/١٥ نووسـیـبـووت کـە ئەویش خـۆم چووم بۆ دوکـانەکـە، بە ڕێکەوت چاوم پێ کەوت لەناو چاوی چەکمەجەکی ڕوو شووشـەی داندرابوو، نووسینی پشتی زەرفـەکەم دی بە خـەتی تووم زانی، گـوتم ئەم زەرفـەی کـە لێـرە(یە) نووسـینەکەی بە خـەتی مـامـە تاهیـر ئەچی، ئەوانیش گـوتیـان ڕاست ئەکەی، بەڵام دەمێکە لێرەیان داناوە، تۆ واوە نەهاتووی کە بتدەینێ، ئیتر منیش نامەکەم وەرگرت

و بەکـابرام وت هەی ئافـەرین بۆ چ دڵسـۆزیەکـت.. ئەی ئەگـەر ئەوە شـتـێکی بە پەلەی تیـدا نووسـرابوو کـە پێویستی بە وەڵامدانەوە بکردایە، لەوکاتە کە ئەمەم پێ وت کابرا سەری داخست و گوتی ببوورە بۆ جارێکی تر.

مـامـەگـیـان، هەرچەندە وەڵامی نامـەکـەشت درەنگ بەدەست ئەگـاتەوە، بەڵام ئەبێ تۆش لە من ببـووری، چونکە خـەتای من نیـیـە لەم کـارە، چونکە من زیاد لە پێویست ئیشی سەرشانی خۆم جێبەجێ ئەکـەم، (وە) هەوڵی زیاتریش ئەدەم لەم ڕووەوە، (وە) ئەم ئیـشـانەی خوارەوەشم کردووە.

١- ٣٠ دانەم نارد بۆ قەڵادزە.

٢- ئاگـاداری هەمـوو کـڕیارەکـانم کـرد کـە تەعلیق بنووسن لەسەری، بەڵام تا ئێستا هیچیان بۆ نەهێناوم.

٣- دیعـایەکی زۆرم بۆ کردووی لە بابەت خۆشیی ئەم کتێبە.

٤- تا ئێستا وەڵامی قەڵادزەم بەدەست نەگەیشتۆتەوە کە بزانم داواکاری چۆن هەیە.

٥- وەڵامی سەنگەسـەرم بۆ نەهاتۆتەوە کـە کاتی خۆم ١٠ دانەم بۆ ناردبوون.

٦- ئەگـــەر ڕازیت ١٠٠ دانەیەکم بۆ بنێـــرە تا بۆت لەکتێبخانەی ڕانیە دابنێم، لای سەردار حاجی محەمەد سۆفی ئەحمەد کە بیفرۆشێ بە نسبەتی ٢٠٪ بۆ خۆی،


الفاتحە
بۆ گەورەی خۆم مام طاهر پێشکەش بێت
گەورە و بەرێزم مام طاهر گیان پێشکەش بێت

هەروەهاش لە قەڵادزە، زوو بۆم ڕەوانی بکە.

مامەگیان، ئەوەش دیارییەکی باشە کە سەباحی هادی ئاغا لە (ماوەت)ـەوە بۆی ناردم کە بۆ تۆی ڕەوان بکەم، بەڕاستی جێگای سوپاسە بۆ کاک سەباح.

مامەگیان، بەرامبەر بەو کەسانەی کە نارەزاییان هەیە لەم (شەوچەرە)یە، با بێن قسە لەگەڵ من بکەن، ئەی ئەگەر ئەوان بەخۆیان ئەڵێن پیاو، کۆیایەتی ئەکەن و بەرگری لەسەر ڕەوشتی کۆییان ئەکەن، بۆ داوا ناکەن کە کتێبە هەڵبەستییەکەی شێخ ڕەزا تاڵەبانی بسووتێنن و نەیهێڵن کە لەم دوو چوارینەی هێرش ئەباتە سەر هەموو کۆیە و کۆییان:

هەر کەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە
دەستی حیزیشی هەبێ ئەوجا بە تەحقیق کۆییە

***

دەوری وەسمان بەگ لە کۆیە ژن نەما نەیگێن بەبە
نسبەتی کۆیە لەگەڵ من نسبەتی ئیبن و ئەبە (ئەبە-باوک)

ئەلغەرەض سۆزانی و کونی لە کۆیی چاترن
موختەسەر چاکە قسە کونی ببە، کۆیی مەبە

**

گوایە قسەکانی تۆ لەمە خراترن، یان توخمی خۆخۆرن و بێگانە پەرست، بەلانی منەوە هیچ گوێی مەدە قسەیان، با بۆ خۆیان هەر بڵێن.

مامە گیان، ئەمەش نامەیەکی کاک محەمەد فیدای(١٣) شاعیرە کە بۆی ناردووی، ئنجا نازانم لەمەوپێش یەکتر ناسینتان هەبووە یا نەء، چونکە ناوبراو (مضمد)ـە لە سلطانە دێ، تا بڵێی شاعیرێکی بەرز و زانا و پیاوێکی ئایینی لە خواترسە، فارسی زانێکی بێ ئەندازەیە، نووسراوی زۆری هەیە کە ئامادەیە چاپی بکات، بەڵام بەداخەوە دارایی نییە و یاریدەدەری نییە، وەک من ئاسایی، (وە) زۆر برادەری منە، ئەگەر هەر ئیشێکت پێ بوو لە پاشەڕۆژ ئاگادارم بکەوە.

ئیتر سەباحەت و ڕەهێڵە دەستی تۆ و مامۆژنم ماچ ئەکەن، هەواڵی کاک دلاوەر و سالار و گشتی منداڵان ئەپرسن، بە تایبەتی ڕەهێڵە دەستیان ماچ ئەکات.

خۆم دەستی مامۆژنم(١٧) و چاوی منداڵان بە تێکڕایی ماچ ئەکەم، بەخواتان ئەسپێرین.

بچووکت
ئیمزا
١٩٧١/٨/٣

**پەراوێزەکان:**

**(١) جەمال ڕەشید ئەحمەد حەوێزی: (کۆیە، پاییزی ١٩٣٨) لە باوکەوە برازای (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، لە زووەوە لە شاری ڕانیە دادەنیشێ، خانەی مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە، نووسین و شیعری هەیە، نامیلکەیەکی بەناوی (کچ فرۆشتن) چاپ کردووە، زۆر بەرهەمی فەوتاون و بە چاپ ڕانەگەیشتوون.**

**(٢) خاڵە سدیق، لەسەر زمانی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی کە خاڵی بووە، لەبەر ئەوە م. جەمال ڕەشید ئەحمەد، ئەویش پێی گوتووە (خاڵە سدیق)، کە باپیری منە، لێرەوە دەبێتەوە خزمان.**

**(٣) سەباحەت، خێزانی م. جەمال ڕەشید ئەحمەدە.**

**(٤) کە نووسیویەتی (ئێستاش فرۆمان نەبووە)، مەبەستی ئەوەیە کە هێشتا منداڵەکەیان نەبووە.**

**(٥) مەبەستی لەو شەهیدە جوانەمەرگە، کەمال ڕەشید ئەحمەدی برایەتی.**

**(٦) مەبەستی لە (کاکە سووری عەبداغای ساڵحاغای حەوێزی)یە کە لە کۆیە چایچی بووە و خزمی هەردووکیانە.**

**(٧) عەبدوڵڵا ئەحمەد، مامۆستا بووە و برای م. مەجید ئەحمەد ئاسنگەرە.**

**(٨) مەبەستی لە مەجید ئەحمەد، م. مەجید ئاسنگەری شاعیر و نووسەرە.**

**(٩) شەوچەرە: کتێبێکی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو چاپ کراوە، لەسەر شێوەی (١٩) بەرگی (ڕشتەی مرواری) م. عەلائەددین سەجادی بریتییە لە کۆمەڵێک نوکتە و قسەی خۆشی شاری کۆیە و دەوروبەری، یەکێک لە نوکتەکان کە بەدڵی کۆییەکانی ئەوکاتی نەبوو، هەرایەکی نایەوە و دەیانویست کتێبەکە کۆ بکرێتەوە و بسووتێنرێ.**

**(١٠) (ڕەهێڵە) کچی گەورەیەتی کە ئێستا لە ڕانیە مامۆستای هونەرە.**

**(١١) کاکە دلاوەر و کاک سالار، دوو کوڕی م.(تاهیر ئەحمەد حەوێزی)ن و ئێستا لە شاری کۆیە دەژین.**

**(١٢) خەزووری ناوی (حەوێز ئەحمەد ئیسماعیل)ـە کە بەڕێوەبەری بەریدی ڕانیە بووە.**

**(١٣) جەبار: مەبەست لێی (جەبار عەبدولکەریم ئەمین)ـە کە نازناوی (شنە)یە، لە دایکەوە ژنبرای (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، لە کۆیەوە چووەتە ڕانیە و لەوێ نیشتەجێ بووە، دوکانی وێنەگری هەبووە، دەستی شیعر و نووسینیشی هەبووە.**

**(١٤) بەروار هەڵەیەکی باوە، تا ئەمڕۆش وەک قیروزفت بە نووسینی کوردییەوە نووساوە و لێی نابێتەوە.**

**(١٥) سەباحی هادی ئاغا، خزمی هەردووکیان بووە، لە (ماوەت) برینپێچ (مضمد) بووە، پێدەچێ دیارییەکەی هەر سەرگوزشتە و قسەی خۆش و نوکتە بووبێ بۆی ناردبێ.**

**(١٦) محەمەد فیدا، برینپێچ (مضمد) بووە، شاعیر و وەرگێڕە، (سوڵتانەدێ)ش لەگەڵ ژاراوە کەوتووەتە نێوان ڕانیە و قەڵادزێ.**

**(١٧) مامۆژنی، واتە خێزانی م. تایەر ئەحمەد حەوێزی، (زەینەب حەمە سدیق)ی پوورمە.**